وانەی (32)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پەندەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (پەندەکان ٢٧، ٢٨ ، ٢٩ ، ٣١) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٨: ٣٨- ٣٩

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، ڕۆما ٨: ٣٨- ٣٩ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٨: ١٨- ٣٩

پێشەکی : ڕزگاریی باوەڕداران ئەوەی خواستی خودای باوك بوو وە مەسیحی کوڕی هێنایە دی و ڕۆحی پیرۆزی جێبەجێی کرد وە ڕایگەیاند لە مزگێنی ئینجیلدا ڕۆما ١: ١٦ دڵنیاییەکی تەواوە ! هەروەها بڕوانە ڕۆما ٥: ٦، ٨ ، ١٠ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١٩ .

هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٧: ٢٥ وە لە ڕۆما ٨: ١٨- ٣٩ پۆڵس بەردەوام دەبێت لە فێرکردنەکانی لەبارەی گرەنتی و دڵنیایی باوەڕداران لە مەسیحدا. وە ڕزگاریی باوەڕداران لەسەر بنەمای ئەو هیوایەی کە هەموو شتەکان دەگۆڕێن ونوێ دەبنەوە ڕۆما ٨: ١٨- ٢٨ . هەروەها بڕوانە ٨: ٢٩- ٣٣وە ڕۆما ٨: ٣١- ٣٤ وە ڕۆما ٨: ٣٥- ٣٩ .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٨: 18- 39 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 8: 18- 28

<u>ئاشکراکردنی ١: باوەڕدارانی ڕزگاربوو مسۆگەرن و دڵنیان چونکە تەنانەت لە ئازارەکانی ئێستاشدا ئەوان پشتگیری دەکرێن بە هیوای نوێبونەوەی هەموو شتەکان وبە هاوکاری ڕۆحی پیرۆز و بە مەعریفەی ڕاستی کە خودا دەسەلاتدارو سەروەرە بەسەر هەموو بارودۆخەکان دا .</u>

سێ ڕاستی هانی باوەڕداران دەدات لەنێو ئازارەکانی ئێستایاندا :
نوێبونەوەی ئایندەی هەموو شتەکان ، وە داکۆکیکاریی ڕۆحی پیرۆز لە ئێستادا وە دەسەلاتی خودا بەسەر هەموو ڕوداوەکاندا . خودا لەسەرەوە کار دەکات لەپێناوی باوەڕداران . ڕۆما ٨: ١٨- ٢٥ خودا کار دەکات لە پێناوی ئایندەی باوەڕداران ڕۆما ٨: ٢٦ – ٢٧ خودا کاردەکات لەنێو باوەڕداراندا . ڕۆما ٨: ٢٨ خودا لەسەرووی باوەڕداران کاردەکات چونکە خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێك وهەموو ڕوداوێکدا کە ڕوودەدات تیایاندا و لەژیانیاندا .

ڕۆما ٩: ٢٩- ٣٠

ئاشکراکردنی ٢: باوەڕداران دڵنیان چونکە ئەوان لەنێو پلانی جاویدانی خودان .

بڕوانە ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٥ ؛ ٢تیمۆساوس ١: ٩ هەروەها ئەفەسۆس ١: ١١ ؛ ڕۆما ٩: ١١ ؛ ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧ .

ڕۆما ٨: ٣١- ٣٤

ئاشکراکردنی ٣ : باوەڕداران دڵنیان چونکە خودا لەگەڵیانە نەك دژیان وە ئەوەی پێویستیانە خودا داویەتی پێیان بۆ تەواوکردنی خواستە جاویدانی و تاهەتاییەکەی .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٣١ – ٣٤ .

ڕۆما ٨: ٣٥- ٣٩

ئاشکراکردنی ٤: باوەڕداران دڵنیان چونکە خۆشەویستی خودای ڕەهایان هەیە کە هیچ سنورێك وگۆڕانکاریەکی تێدا نیە .

باوەڕداران زۆر لە سەرکەوتوەکان مەزنترن چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ لە خۆشەویستی خودا جیایان بکاتەوە ڕۆما ٨: ٣٥- ٣٧ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 8: 18- 39 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 8: 18- 25

<u>پرسیاری ١ : چۆن هیوای باوەڕداران بەهێز دەبێت کاتێ لە نێو ئازاردان ؟</u>

تێبینیەکان .

ڕۆما ٨: ١٨- ٢٥ پێناسەی کاری خودا دەکات لەپێناوی ئایندەی باوەڕداران ، باوەڕداران پشتگیری دەکرێن و هاوکاری دەکرێن لە نێو ئازارەکانی ئێستایان کە گەمارۆدراون بەوەی هیوایان هەیە لە نوێبونەوەو گۆڕانی ئایندەیان کە خودا بەڵێنی پێداون بە هەستانەوەی جەستەی لەناوچووشیانەوە .

أ. ملکەچیی ئێستای بونەوەر بۆ پوچی و گەندەڵی ملکەچیەکی کاتییە.

ڕۆما ٨: ٢٢- ٢٣.

ب. نوێبونەوەی ئایندەیی بۆ هەموو شتەکان تایبەتە بە هیوا ، وە دڵنیاییە ئایندەیی و ڕاستی ئایندەیە . بڕوانە مەتا ١٩: ٢٨ ؛ کردار ٣: ٢١ ؛ ئیشایا ٦٥: ١٧ ؛ ٢پەترۆس ٣: ١٣ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٢٦- ٢٩ .

هەروەها بڕوانە مەتا ١٣: ٤١ وە بینین ٢١: ١- ٥ ئیشایا ٣٥: ١- ٢ ئیشایا ٣٢: ١٥- ١٦ ئیشایا ١١: ١- ٩ ڕۆما ٨: ٢٣ – ٢٥ .

ڕۆما ٨: ٢٥- ٢٦

پرسیاری ٢: چۆن ڕۆحی پیرۆز باوەڕداران بەهێز دەکات لە کاتی ئازارەکانیان ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٨: ٢٦- ٢٧ پێناسەی کاری خودا دەکات لەنێو باوەڕداران ، هاوکاری بەردەوامی ڕۆحی پیرۆز و بەهێزکردنی باوەڕداران لەنێو ئازارەکانی ئێستایان و لەهەموو لاوازیەکانیاندا .

أ. ڕۆحی پیرۆز هاوکاری باوەڕداران دەکات لە هەموو لاوازیەکانیاندا.

وشەی هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو هیوایەی ئایندەی شکۆدار کە باوەڕداران هاوکاری دەکرێن لە ئازارەکانی ئایندەیاندا . بڕوانە عیبرانیەکان ٤: ١٥ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٥ .

ب. ڕۆحی پیرۆز هاوکاری باوەڕداران دەکات لە پێویستیەکانیان ئەوەی ناتوانن گوزارشی لێبکەن یان تەنانەت نایزانن .

زۆرجار کەوتنی ڕۆحی و ئەخلاقی هەیە لەنێو باوەڕداران بۆیە ئەوەی دەریدەبڕن نەدەبوو دەریببڕن وە زۆرجار نازانن بۆچی نوێژ بکەن بڕوانە ١یۆحەنا ٥: ١٤ هەروەها ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ .

ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠

پرسیاری ٣: چۆن دەسەلات و سەروەری خودا هاوکاری باوەڕداران دەکات لە نێو ئازارەکانیان ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ پێناسەی کاری خودا دەکات لەسەرەوەی باوەڕداران چونکە باوەڕداران هاوکاری دەکرێن لەنێو ئازارەکانی ئێستایان بەوەی خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدات تیایاندا.

أ. خودا دەسەڵاتدارە بەسەر بارودۆخی باوەڕداران .

ڕۆما ٨: ٢٨ .

ب. خودا دەسەڵاتدارە لەسەر ڕزگاریی باوەڕداران بە تەواوەتی .

شکۆدارکردنی باوەڕداران .

بڕوانە ئیشایا ١٤: ٢٤- ٢٧ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ١: ٤ ، ١٠ دەستپێشخەریەکە ئەوەیە کە خودا ئەوانی هەڵبژاردوە لە جاویدانەوە و بانگی کردوون تاکو بیانێرێت بۆ مزگێندان بە ئینجیل . هەروەها بڕوانە مەتا ٢٢: ١٤ ڕۆما ١: ٧ هەروەها ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ .

سەرکەوتوویی عیسای مەسیح ، بڕوانە ڕۆما ٨: ٢٩ وە عیبرانیەکان ٢: ١١ ؛ یۆحەنا ١٦: ١٤ ؛ ڕۆما ١١: ٣٣- ٣٦ .

ڕۆما ٨: ٣١- ٣٤

پرسیاری ٣: چۆن خودا بە بێتاوانکردن و ڕاستودروستی هاوکاری باوەڕداران دەکات لە نێو ئازارە سەختەکانیان ؟

تێبینیەکان .

بڕوانە ڕۆما ٨: ٣١- ٣٤ .

أ. خودا لەگەڵ باوەڕدارانەو لەپێناویانە ! ڕۆما ٨: ٣١- ٣٢ .

ب. خودا باوەڕداران بێتاوان دەکات . ١یۆحەنا ٣: ١٩- ٢٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ٧: ٩- ١١ ؛ بینین ٦: ١٥- ١٧ ؛ ١یۆحەنا ١: ٨ ، ١٠ ؛ ١یۆحەنا ١: ٩ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١- ٢ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٤- ١٦ ؛ ٧: ٢٥ ؛ ڕۆما ٨: ٣٣- ٣٤ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. پەیڕەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٨: ١٨- ٣٩ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونه لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 8: ١٨- : ٣٩ .

٨: ١٨ : بیربکەوە لە ئازارەکانی ئێستا لە ژێر ڕوناکی شکۆی ئایندەدا.

٨: ٢٠- ٢١ : لەگەڵ ئەوەی بونەوەری ئێستا ملکەچە بۆ پوچی و گەندەڵی بەڵام باوەڕداران ڕاسپێردراون بە کلتورێك لە پەیدابوون ١: ٢٨ دا کە بایەخ بدەن بە بونەوەرەکانی خوداو بیانپارێزن .

٨: ٢٣- ٢٤ : ئەو ڕاستیە بزانە کە تۆ بە باوەڕ ڕزگارت بوە تا بەتەواوەتی ڕزگارت بێت وە گیانت ڕزگاری بوەو هیوای هەیە بۆ ڕزگاری جەستەشت هەروەها .

٨: ٢٦- ٢٧: ڕۆحی پیرۆز داکۆکی دەکات لە پێناوتدا لەسەر زەوی بەڵام عیسا داکۆکیت لێ دەکات لە ئاسمان ڕۆحی پیرۆز نوێژ دەکات بۆ پێویستیەکانت کە لاوازی لە گوزارش کردن لێیان ئیدی هاوارەکانی ناخت دەگەیەنێتە خودا بەڵام مەسیح نوێژ دەکات لە پێناوی تەواوکردنی پلانی خودا و خواستەکانی لە ژیانتدا بڕوانە بینین ٨: ٣- ٥ .

٨: ٢٨ : باوڕ بکە هەرچی ڕوودەدات خودا ڕێگەی پێداوە وە لە کۆتاییدا خواست و پلانی خودا بۆ ژیانت دەهێنێتە دی .

٨: ٢٩- ٣٠ : گومان مەکە هەرگیز لەوەی خودا بانگی کردوی تا بێتاوانت بکات و پیرۆزت بکات بەتەواویی ، واتە شکۆدارت دەکات ئەو کارەی چاکەی دەستی پێکردوە لە تۆدا تەواویی دەکات فیلیپی ١: ٦ .

٨: ٣١- ٣١ : باوەڕت هەبێت کە خودا مەزنترین دیاری بەخشیوە ، عیسای مەسیح پێت ئیدی هیچ شتێك نابێتە بەربەست لە پێناوی خێروچاکەتدا .

٨: ٣٣- ٣٤ : باوەڕت هەبێت کە خودا بێتاوانی کردوویت و دەیکات بۆیە هەر سکاڵایەك لە دژت خۆی ناگرێت لەبەردەم دادگایی خودا !

٨: ٣٥- ٣٩ : به تەواویی دڵنیابە هیچ بونەوەرێك وشتێك نیە بتوانێ جیات بکاتەوە لە خۆشەویستی خودا .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. ئەو هیوایەی خودا دەمداتێ و لە ڕۆما ٨ فێرم دەکات بەهێزم دەکات و هاوکاریم دەکات لەوەی خواستی لەسەرە لە نەخۆشیم وئازارم وچەوسانەوەم وە هەموو ئەمانەش کاتیین ، وە کاتێ خودا شتەکان نوێدەکاتەوە ئیدی ئازار نامێنێت وە باوەڕداران بەشداری دەکەن لە شکۆی مەسیح تاهەتایە .

ب. خۆشەویستی خودا بۆ من بەهێزم دەکات لەوەی خواستی لەسەرە لە نەخۆشیم وئازارم وچەوسانەوەم هیچ شتێك نیە لە گەردوندا بتوانێ لە خۆشەویستی نەگۆڕی خودا جیام بکاتەوە کە هیچ سنورێکی نیە بۆیە من لە سەرکەوتوان مەزنترم وە لە بەسەر شتەکان وخەڵکیدا سەرکەوتووم ئەگەر بیانەوێ ئازارم بدەن ، خۆشەویستی خودا بۆ من تەنانەت ناخۆشیەکانی ژیانم بەکاردەهێنێ و دەیگۆڕێ بۆ چاکەی من لە کۆتاییدا.

<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u> **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٨: 18- 39 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 8: 18- 39.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا 1، 2 ،3، 4. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن: ڕۆما 10: 9- 10 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی وەستای هەڵەشە و نمونەی پاشای گەمژە لە لۆقا ١٤: ٢٨- ٣٣ هاتوون ئاماده بکە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانە.
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و